www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:26 17-6-2007

## عیشقی ژن خوشکەکەم هەناسەی مەرگم پێدەدات ... هاوڕاز کەلاری

hawrazkalari@yahoo. com

هەرچیەك بەسەرهات و سەرنەکەوتنی پەیمانە عیشق نامەکانە، گوناهەکەی لە ئەستۆی دایك و باوك و کۆمەڵگایە بە پلەی یەکەم، ئەوکاتەی من عیشقی خۆم بەیان دەکەم لە خێزاندا سەرکوت و دەم کوت دەکرێم و بۆم نیە جارێکی تر ناوی مەعشوقەکەم ببەم، من ئەوم زۆر خۆش ئەوی ئاسانیشە داواکردنی بۆ من، چونکە تەنها یەك ماڵمان نێوانە، ئەو کیژەی سەراپای ژیانمی بردوە و لە هەرچی هەڵس و کەوتمدایە وێنەکەی لە پێش چاومە، زۆر جار ئەو پەرداخە ئاوەی کە دەیبەم بۆ دەمم و دەیخۆمەوە پەنجەکانی خۆمم لێ دەبێت بە پەنجەی ئەو، کە ئاویتر لە ئاوەکە نزیکی دەممە، بەڵام دایکم لەناکاو ئەڵێ "کاروان".. ئیدی خەیاڵەکانم پێ تێکدەشکێنێ.

من هێشتا تەمەنم "23" ساڵە و ئەو تەمەنەش هێشتا کەمە بۆ زەواج، بەڵام من بەکەمی نازانم، چونکە کەسێك هەیە بۆ ژیانی من ببێتە هاودەم و هاوڕاز و هاوسۆز، باوەڕبکەن ئەو لە فریشتە دەچی، زۆر ناسك و بەریئە، ڕەنگە دوای ئەو ئیدی زەواج نەکەم، پاشان من باوکم شەهیدە هەر لەودیوی گوندەکەی خۆمان حکومەت خانوویەکی سەربەخۆی بۆ کردووین، لەماڵدا ئەو خانووە بەر من کەوتووە، چونکە برای گەورەم لە دەرەوەی وڵاتە و خاوەن خانووی خۆیەتی لێرە، ئەو خانووەشی کە بۆ برای بچوکم دەمێنێتەوە ئێستا دایکم و خوشکەکانم لەگەڵ برا بچوکمدا تێیدا دەژین، خۆشم کارمەندی حکومەتم و مووچەکەم باشە، ئای خودایە ئەو عیشقە چەند مەزنە هەرەسەکەی بە هەرەسی تەمەنی خۆم دەزانم، ئاخر هێشتا نەمدیوە و کەسیتر وانەڕۆشتۆتە دڵمەوە.

من ڕووم نەهات بە دایکم بڵێم، ئاخر دایکم ئافرەتێکی سادە و بێهەست بوو، هەستی بە عاشقبوونی من نەدەکرد، دەی دایەگیان بۆ نەتزانی عیشق چ مانا و بەهایەکی هەبوو لە دڵی مندا، خۆ ئۆقرەم نەبوو، شەوان تا بەری بەیان چاوەکانم دەبڕوانی، هەمیشە ئەو کاسێتانەم دەکڕی کە گۆرانی عاشقانە یان خەمناکیان دەچڕی، خۆ دەبوو بتزانیبا، هەمیشە قوڕیێ ئەو فیلمانەم دەکڕی کە دوو عاشقی بۆ یەکتر نەبوو بە تەنهایی سەریان دەنایەوە، خۆ هەر هیچ نەبی نەتزانی بۆچی هەمیشە لە حەوشە و بەرامبەر بەماڵی ئەوان دادەنیشتم و خۆم بە مۆبایلەکەمەوە خەریك دەکرد، ئاخر دیواری پشتی حەوشەکەشیان سکونەتێك بوو بۆ دڵی من، ئای لە بێ هەستیت دایەگیان، خۆزگە هەرگیز دایك واسادە و سانا نەدەبوو، من لە بێ هەستی دایکم خەمم دەخوارد و هاوڕێکانیشم بە هەستیاری دایکیان بۆ چیرۆکی هەرزەییان خەمیان دەخوارد.

ئێوارەیەکی هەورەسێ بوو ماڵمان ڕووە و خۆری ئێوارە بوو، غروبم هیچ کاتێك وەك ئەم ئێوارەیە ناسك نەدیبوو، کە هێمن دەچووە ماڵی ئاوابوون، زۆر دڵم خۆش بوو چونکە بڕیارمدابوو گەر ئەمجارە براژنم لە ماڵی باوکی هاتەوە پێی دەڵێم بە دایکم بڵی کە من ئەمەوی "شاگوڵ" ببێتە هاوسەرم، من لە حەوشە دانیشتبووم نەخشەم بۆ پرۆسەی هاوسەرگرتنی خۆم دەکێشا، چوومە قوڵایی خەیاڵەوە و لەپڕ درا لە دەرگا، "سارا" ی خوشکم دەرگاکەی کردەوە و گوێم لێبوو وتی پیرۆزی بێت، "سارا" سەری داخست و بەلامدا تێپەڕ بوو، ویستی بڕواتە ژوورەوە وتم "سارا" ئەوە کێ بوو وتی "شێروان"، منیش وامزانی "شێروان" ی دراوسێی ئەودیومانە و کارتی دەعوەتنامەی بۆ زەماوەندی کەسێك هێناوە، وتم ئەو کارتی دەعوەتنامەیەم بەری بزان دەیناسم، زەرفەکەم هەڵپچڕی و خوێندمەوە نووسرابوو [خۆشحاڵین بە ئامادەبوونتان لە ئاهەنگی شەکراو خواردنەوەی "شاگوڵ" بۆ "ئیدریس"]، لەوکاتەدا تارماییەك بەسەر چاوەکانمدا هات و باوەڕم نەکرد و چەندجارێك لەبەرخۆمەوە وتم "شاگوڵ... شاگوڵ"، "شاگوڵ" چۆن شووی کرد؟! خودایە ئەمە خەونە یان حەقیقەت؟! خۆ من لە خەونی زەماوەندا بووم لەگەڵ ئەو، هیچم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پێنەکرا بەدەنگی بەرز هاوارمکرد "سارە" لاچۆ لەبەرچاوم، بڕۆنە مارەبڕینی قاچتان دەشکێنم، شەقمدا لە مەنجەڵەکان و چێشتەکانم پەرش و بڵاوکردەوە بەناو ماڵدا، ئەوشەوە بی شێو دەمەوخوار تا بەیانی کەوتم، لەولایشەوە خەنەبەندان و دەنگی ئاهەنگی مارەبڕینی "شاگوڵ" دەماخی پڕکردبووم، عەیب نیە و زۆریشم لا ئاساییە بڕۆمە دەرەوە و ئاهەنگەکە تێك بدەم، ئاااخ ئەمە چ حەسرەتێك بوو، "شاگوڵ" ئەڵقەی کێت لە پەنجە کرد؟ بۆچی بەم عیشقەی منت نەزانی؟!!.

ئیدی بڕیارمدا زەواج نەکەم، کات تێپەڕی و ئەو بوو بەخاوەنی منداڵێك، سەختیشە تەنیایی ژیان، من بەعیشقی کەسێکەوە بسووتێم و خۆشەویستیەکی یەکلایەنەم هەبێت و ئەویش بەو عیشقە نەزانی، بۆیە بڕیارمدا ژن بهێنم، لە تۆڵەی ئەوەی منیش ببمە خاوەن ژنێك وەك ئەوەی چۆن "شاگوڵ" خاوەن مێردە، دایکم وتی ئەو کیژەی خزمی خۆمان زۆر چاکە و وەك هەموو قسە تەقلیدیەکان وتی لەگەڵ ئێمە ئەیکری با داوای بکەین، منیش وەك ئەوەی دایکم دوای باوکم خۆی ئێمەی بەخێو کردووە نەمویست دڵی بشکێنم ڕازی بووم و داوام کرد، بەڵام خوشکی لەخۆ گەورەتری بوو بە بەرهەڵستکارێك و هەڕەشەی خۆ سووتاندنی کرد گەر خوشکی لەخۆ بچووکتری پێشی بداتەوە و مێرد بکات، بەڵام لێرەش من ئەمجارە پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵ ئەودا دروست کردبوو بەردەوام بە مۆبایل پێکەوە قسەمان دەکرد، بەڵام لەوێش جارێکی تر بووم بە شکستخواردووی ئەو عیشقەی دایکم بۆی دروستکردم، ئەمجارەش ماوەیەکی دی مامەوە پاشان بەکۆ بڕیارێکی خێزانیمان لەسەر قسەی دایك و خوشك و براکانم وتیان ماڵی کاك "ئەحمەد" کچەکانیان نموونەی ڕەوشتن بۆیە ڕازی بووم بە خوازبێنی "شەیدا" ی خوشکی "شاگوڵ" پاش چەند شەوێك کەسەکانم خوازبێنیان کرد و ڕۆژی مارەبڕین دیاریکرا، ئێستا ئەمەی بڕیارە ببێتە هاوسەرم خوشکی ئەو کیژەیە کە سەراپای ژیانی تەنیم بە دۆزەخ، خوشکی ئەو کیژەیە کەلەودا فێری مانا جوانەکانی عیشقێکی شکستخواردوو بووم، سبەی مارەبڕینە و ڕۆژی گۆڕینەوەی ئەڵقەی هاوسەرداریمە، چەند مەزنە ئەو ڕۆژە خودایە، هەرچی خزم و دۆستمە بانگێشتی ئەو ئاهەنگە کراوە، چۆن چۆك دانەدەم سبەی جارێکی دی دیداری "شاگوڵ" هێز لەبەر ئەژنۆم دەبڕێت و دەمخاتەوە سەر سفر، تازە ئەمە بڕیارێکە و داومە خۆ هەر دەبێت ژن بهێنم، بۆ سبەینی لە کەرنەڤاڵێکدا ئەڵقەی دەستگیرانداریم لەگەڵ "شەیدا" دا گۆڕیەوە، ئەو ڕۆژە پیرۆزترین ڕۆژی تۆمارکردنی بیرەوەریەکانی گەنجێتی مرۆڤە، بەڵام کەسەرێك بوو لە ژیانی مندا، چونکە ئاخ هاوسەرم بەدڵی خۆم هەڵنەبژارد، بەلای چەپدا ئاوڕمدایەوە "شاگوڵ" جوانتر و ناسکتر لە پەڕەکانی گوڵێك لە تەنیشتمەوە ڕاوەستابوو بۆ وێنە گرتن، ئای خوایە گیان هێشتا برینە بەسوێیەکەم قەتماغەی نەگرتووە دیسانەوە بەسوێ هات، دیتنی ئەو وەکو ئەوەوابوو لەناکاو خەنجەرێکی ژەهراوی بکەن بەسەر دڵمدا، هەر لەوێدا ساردبوومەوە و بەرچاوم ڕەش بوو، جارێکی تر "شاگوڵ" لەپێش چاوم قەترانی بوو حەزم لە دیتنی نەکرد، ئەمە چیە لە دڵی مندا دروستبووە سەیرە! عەشقێکی یەك لایەنە دوای سێ ساڵ هێشتا لە دڵمدا وەك یەکەم ساتی وایە و گڕێکی سووتێنەری هەیە و سات بە سات برەو بە تلانەوەی ئازارەکانم دەدات، ئەوڕۆژەی مارەبڕین بەو حاڵە سەختەوە بەسەرچوو، دوای ماوەیەك کاتی گواستەوە هاتە پێشەوە، ئەمجارە بڕیارە و یەکجاریە نابێت کەس قسەی تیا بکات، حەزم لەم کیژە نیە و تەڵاقی دەدەم و دەبێت جیابینەوە، من ئەوم ناوی نابێت ببی بە هاوسەرم، بۆیە ئەمەی لە دڵمدابوو ئاشکرام کرد، خێزانم بەمەیانزانی زۆر سەرکوتیان کردم، ئەوەیشی کاریگەری هەبوو بەسەرمەوە براژنم بوو، من براژنم زۆر خۆش دەوی و نابێت دڵی بشکێنم، ئەمە ئامۆژگاری ئەوە کە نابێت دەست لە کیژە هەڵبگرم ئەگینا خەرجی تەڵاقم دەکەوێتەسەر کە نزیکەی "45" گەڵا دەبێت پاشان لە کۆمەڵگەی عەشایەریدا بەسانایی کەس ژنم پێ نادات، ئەوەبوو براژنم بەڵگەی زیندوو و واقیعی خستە بەرچاوم و منیش ڕازی بووم، ئێستا نزیکەی "دوو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مانگ" بەسەر هاوسەردارێتی من و ئەو کیژەدا تێپەڕیوە زەڕڕەیەك خۆشم ناوی، هەست دەکات بەڵام نازانی هۆی ئەم دڵساردیەی من چیە، کیژێکی زۆر جوان و هێمن و بێدەنگیشە، چاوەکانی لە دوو قەێیدەی سەوزی بێدەنگ دەچن، بەڕاستی ئەو گیرۆدەیە بەدەست ئالودەی عیشقی سەرنەگرتووی منەوە، زۆریش سەختە لەلام، ئێواران کە دەڕۆمەوە بۆ ماڵ واهەست دەکەم بەرەو زیندانێك ئەڕۆم و ڕووناکی تیا بەدی ناکەم، هەتا دواساتی ژیانیشم عاشقی ژن خوشکەکەمم، حەزیش بەدیتنی ناکەم چونکە بەبینینی دەچمەوە شەرارەی مەرگ.
تیبینی: ئەوەی دەیخوێنیتەوە چیرۆکە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە تەنها ناوی کەسەکان خوازراون.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.